تەیف سامی: سەرەتای هەفتەی داهاتو موچەی موچەخۆرانی هەرێم دەنێرین

تەیف سامی، وەزیری دارایی عێراق رایدەگەیەنێت، سەرەتای هەفتەی داهاتو موچەی موچەخۆرانی هەرێمی کوردستان خەرج دەکەن.

تەیف سامی، وەزیری دارایی عێراق، ئەمڕۆ پێنجشەممە، لە لێدوانێکدا بۆ کەناڵی ئۆن ئاڵ تی وتی، لیستی موچەو 120 ملیار دینارەکەی هەرێمی کوردستانیان پێگەیشتوەو سەرقاڵی ڕێکخستنی لێبڕینی خانەنشینی موچەی مووچەخۆرانی هەرێمن.

وەزیری دارایی عێراق ئاماژەی بۆشکرد، سەرەتای هەفتەی داهاتوو تەواوی موچەی موچەخۆرانی هەرێم بە مانگی یەک دەنێرن.

لێدوانەکەی تەیف سامی پاش ئەوەو دێت کە وەزارەتی دارایی و ئابوریی هەرێم لە ڕاگەیەندراوێکدا وتی، ئەمڕۆ پێنجشەممە، بڕی 120 ملیار دیناریان وەک داهاتی نانەوتی هەرێم بە مانگی کانونی دووەم بەشوەی کاش خستەتە سەر هەژماری بانکی وەزارەتی دارایی حکومەتی فیدراڵ لە لقی

هۆڵەری بانکی نەوەندیی عێراق.